**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی بڕیار : ١**
**رۆژی بڕیار :١٩٩٣/١/٣**

## «بڕیار»

بەپێ ی حوکمی بڕگەی (١) لە مادە (٥٦)ی یاسای ژمارە (١) ساڵی ١٩٩٢ئەنجومەنی نیشتمانی ی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی رۆژی ١٩٩٣/١/٢ دا ئەم بڕیارەی دا :

١- ئەو ئەنجومەنە کاتی یەی لە لایەن پارێزەرانی هەرێمی کوردستانی عێراقەوە پێک هێنراوە تاوەختی دامەزراندنی نەقابەی پارێزەرانی هەرێمی کوردستانی عێراق و دانانی یاسا تایبەتی یە کانی نەقابە، ئەو دەسەڵاتانەی دەدرێتێ کە لە یاسای پارێزەریی ژمارە (١٧٣) ی ساڵی ١٩٦٥ی دەسکاری کراو و یاسای سنووقی خانەنشینی ی پارێزەرانی ژمارە (٥٦)ی ساڵی ١٩٨١دا هەن .
٢- دەبێ وەزیری پەیوەندیدار حوکمەکانی ئەم بڕیارە جێ بەجێ بکا.
٣- ئەم بڕیارە لە رۆژی دەرچوونی یەوە کاری پێدەکرێ و لە رۆژنامەی رەسمیدا بڵاودەکرێتەوە.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**